# دەستورێك بۆ لێك گرێدانەوە



**هوشیاری عەبدولعەزیز**
HOSHYAREBDELAZIZ@YAHOO.COM

دەستور وبەندە یاسایەکانی لە چوار چێوەی هەر گەل وگۆمەلگایەکدا ولە ریزبەند کردنی هێزی رەوایەتیدا خالێکی گرنگ و پڕ بایەخەو بە پێ لێکدانەوە یاسایەکان دەستوور وەك تێزێکی فەلسەفی حکومکردن لە سەرووی هەمووەوە دێت وسەرچاوەی رەوایەتیدانە بە یاساو بریارورێنمایەکان، واتا هیچ کام لە یاسا وریسا مەیدانی ورۆژانەییەکان لە بازنەو پێکهاتەی دەولەتدا سیفەتی یاسای تەواو وەرناگرن تا ئەوکاتەی کە ئەو دەستوورە تیشکی سەوزیان پێ نەبەخشێ .هەر ئەمەشە وای کردووە زۆر لە یاساناسان بگەنە ئەو راستییە کە دەستوور تۆپکەی سێکۆشەیەکە بۆ یەکلای کردنەوەی زۆر لەکێشە وگرفتە سیاسی وکۆمەلایەتی وئابووری وکلتوریەکان وئەو یاسا هەمووارکراوانەی کە لە چوارچێوەی سێستەمی بەرێوەبەردندا کاری پێ دەکرێ وهەندێ جار لەگەلّ هاوکێشەکەدا نایەتەوە ورەنگە رێگریش بێت لە بەردەم پرۆسەی بەرەوپێش بردندا کە کۆمەلگا خوزیارێتی ودەکرێت کاری لەسەر بکرێت ،لەبەرامبەریشدا دەستوور دەبێتە بالاترین یاسای دارێژەری ستڕۆکتۆرە بنەڕتیەکانی پێکهاتە گشتیەکانی سێستەمی سیاسی وئەو سەر هێلە ستراتیژیانەی کە دەسەلات کاری لەسەر دەکات .بەلام گەر لەم روانگەیەوە لە پەیوەندی لە نێوان کورد ودەستوور بڕوانین ئەوە دەبێت ئەو راستیە بزانین کە بنامایەکی یاسای بەو شێوەی کە ئێستا خراوەنەتە روو لە گۆمەلگای ئێمەدا بوونی نەبووە ونەبووتە فاکتەری بەهێزکردنی کارلێکە سیاسی وکۆمەلایەتی وئابووریەکان وئەو مەسەلە گرنگانەی کە خەلك پێویستی پێەتی.گەر هەش بووبێ مولکی بزاوتی سیاسی کورد نەبووەوبەپێچەوانەش لەلایەن کولتوری عەرەبی کە کولتوری سەردەست بووە روویەکی نابابەتیانەی دراوەتێ و زۆرجاریش بووەتە سەرچاوەی توندوتیژی وترس وتوقاندن و لەمپەرنانەوە لەبەردەم گەشەی کۆمەلایەتی وبەرەوپێش بردنی ئاستی گشتی کۆمەلگا وبەدیهێنانی خواستەکانی گەلانی عێراقدا .

لەعیراقدا چەندین جار دەستوور وبنەما یاسایەکانی دەستوور نووسراوەتەوە وخراوەتە سەر کاغەز بەلام بەپێ پێویست کاری لەسەر نەکراوە وتوخم ورەگەزەکانی نەخراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە وەك ئەوەی لەسەرئاستی دونیای پێشکەوتووبەدی دەکرێت ولەرووی کرداری یاسایەوە فۆرمێکە بۆتەوزیف کردن ورێکخستنی کۆمەلگا، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە لەژێر سایەی ئەو دەستوورە نووسراوانەدا کوشت وبڕ وترس توقاندن خراوەتە نێو بەندە گشتیەکانیەوە ولەسەرئەوریتمە

رۆیشتووه بەتایبەت ئەو دەستوورەی کە بەعس لە سالەکانی 1968 بەدوا خسیتە روو وبووە یەکێك لە سەر چاوە یاسایەکانی عیراق وتیدا کوردو نەیارانی رژێمی بەعسی پێ لەنێو دەبرا. چونکە لە ساڵەکانی بیست بەدواوە وبەتایبەت ئەو کاتەی کە عیراق لە دوو خاکی جیاواز پێکەوە نرا و بنەماکانی دەستوور دانراو کورد وەك نەتەوەیەك خرایە ژێر دەستی دەوڵەتی عەرەبی ومافەکانی لەو رۆژەوە بەهەڵواسراوی وبەدەم پێشێل کردنەوە ماوەتەوە وجێبەجێ نەکراوە کە چی کوردجارێکی ترو لەم دۆخەدا کە عیراق لەبەردەم هەڵوەشانەوە وشەڕێکی کلتوری مەزهەبیدایە خۆی بەدەستی خۆی ولە رێگەی  نووسینەوەی دەستورێکەوە دێت ودەیەوێ جارێکی تر خۆی لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا فۆرمەڵە بکاتەوە ولێك گرێدانەوەی خۆی بەدەوڵەتی عیراقەوە رادەگەیەنێ و مەسەلەکان ئاڵۆز دەکات و کێشەکێش وململانێی نوێ بەرهەم دێنێ،چونکە هەموو لایەکمان ئەو راستییە حاسا هەڵنەگرە باش دەزانین کە عێراق لەم دۆخەی ئیستایدا دەرگیری جۆرێك لە ئاژاوەیەو رۆژ لە دوای رۆژیش مەسەلەکانی تایفەگەری ومەزهەبی وململانێی سیاسی گەورە دەبن وپەرە دەگرن،لە پەرەگرتنی هەر یەك لەو کیشانەش ئاسۆی لە یەك نزیکبوونەوەو یەکپارچەیی خاکی عێراق لێل دەبێت وپێچەوانە هۆکاری لە بەر یەك هەڵوەشانەوەو پارچە پارچە بوونی عێراق لە گەشە کردندایەو قەیران وتەنگەژە سیاسی وکۆمەلاْیەتی وئابووریەکانیش هێندەی تر پریشکی ئەو مەسەلەیە برەو پێدەدەن ودەیکەنە ئەمری واقیع،لە کاتێکدا ئەمە دۆخی عێراق بێت ناکرێ لە دەستوری هەرێمدا مەسەلەی لە یەك گرێدانەوەو خۆبەستەنەوە بە عێراق بکرێتە خاڵی بنەڕەتی ولە دەروازەی یەکەمی ئەو دەستورەدا دیاری بکرێ، چونکە فەرزکردن ودانانی ئەم بەندە بەو شێوەیەو لە چوارچێوەی ئەو فۆرمەڵە کردنەدا بۆ خۆی هەڵەیەکی گەورەیەو کورد لە لۆژێکی بیرکرنەوەیدا توشی جۆرێك لە ناحاڵیبوون ولەمپەر نانەوە دەکات،بەبڕوای من هیچ پێویست ناکات لە نوسینەوەی دەستوری هەرێمدا کە دەبێتە یەکەمین دەستوری کورد لە مێژووی دوورو نزیکی بزاوتی نەتەوەو نیشتمانیدا بەو شێوە پابەندییە بە عێرقەوە ئاماژە بە چوارچێوەی یەکپارچەیی خاکی نیشتمانێك بکرێ کە لە دوو پێکهاتە وکلتورو خاکی جیاواز لە یەك دراوەو بۆ هەر رۆژێك بێ دەکرێ لە یەکدی جیاببنەوەو بگرێنەوە دۆخی پێش دروستکردنیان،لەمەشدا مەسەلە هەستیارەکانی کورد توشی گێرمەو کێشەیەکی بێ وێنە دەبێت ورەنگە دەرەنجام دەرگیری شەڕێکی نوێمان بکات کە بە شەڕی رەوایەتی وناڕەوایەتی ئەو بەندە دەستورییە بناسرێ وئەو کاتەش ناتوانین ببینە براوەی ئەو شەڕە،بۆیە باشتر وایە ئەو بەندە کە تایبەت کراوە بە یەکپارچەیی خاکی عێراق لابرێت ولە جێگەیدا ئاماژە بەو بکرێ کە کورد ئازادە لەوەی لە بارودۆخی گونجاوی خۆیدا راپرسی بکات بۆ سەربەخۆیی ودامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەك شیوەن ورۆرۆ بۆ ئەو یەکپارچیەی کە سەرەتاکانی هەڵوەشانەوەی لە ئێستادا دیارن وپێ دەچێ لە ماوەیەکی نزیکدا پارچە پارچە بوونی ببێتە مەسەلەیەکی رەواو هەموو لایەك بە دەرەنجامەکەی قایل بن.